# بۆ یادی ئەو بانگخوازەی هەمیشە لە بەرگی کوردیدا بوو

**مامۆستا عەدنان - چەمچەماڵ**



خوای گەورە ڕەحمەت و عیلمەکەی گەورەو فراوانەو هەمو شتێك دەگرێتەوە، وەك لە قورئانی مەزندا ئێمە فێری دۆعا کردن دەکات و دەفەموویت: ﴿ربنا وسعت کل شیء رحمة وعلما فاغفر للذین تابوا واتبعوا سبیلك﴾ عیلم و زانستی خوای گەورە ئەوەندە مەزنە، بۆیە ئەوانەی کە خوای گەورە خۆشی ویستون و دەیەوێت توشی خێربن ئەم زانستەیان پێ دەبەخشێ و دەیان کات بە میراتگری پێغەمبەران، چونکە پێغەمبەران سەلات و سەلامی خوای گەورەیان لێبێت تاکە میرات و ماڵ کە بەجێیان هێلاً بێت بۆمان زانست و زانیاریە. وە مامۆستای موجاهید و خوا ناس مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحمود خوای گەورە دەرەجەی بەرز بکات یەکێك بوو لە کۆڵەکەکانی عیلم و زانست لەم

**(یرفع الله الذین امنوا منکم والذین اتوا العلم درجات)**

ڕابوونە ئیسلامیە، وەیەکێك بوو لە دامەزرێنەرەکان و بەردی بنچینەییەکانی ئەم ڕابوونە، کە هەموولایەکمانی بەخەبەر هێناوەتەوە لە خەوی غەفڵەت و چاوی کردوینەتەوەو خۆمان دۆزیوەتەوە لە تاریکیی و گومڕایی.

وە مامۆستا مەلا ئەحمەد یەکێك بوو لەو سەربازە نەناسراوانەی کە خەبتی کردووەو نەشری عیلم و زانستی کردووەو خۆی دەرخستووەو هەر لە ڕێگای نووسراوو پەیامەکانی بۆ ڕێزگرتنی عیلم و زانست لەناو ئەم ڕابوونەو هاندانی خەڵکانی کردووە بۆ فێربوونی زانست، هەروەها مامۆستا مەلا ئەحمەد لەناو مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی وەك پارێزەرێك بوو بۆ داکۆکی کردن لەسەر دروستکردنی مەداریسی شەرعیی و خزمەتکردنیان و پێگەیاندنی مامۆستای سەر ڕاست و شەرع ناس، بۆئەوەی بانگەواز لەهەموو جێگایەك پتەو بێت، چونکە مامۆستا شەرع ناس بوو، قەدری عیلمی لەلا بوو، وە دەیزانی لە ڕێگەی زانستەوە بانگەواز بەرەو پێش دەچێت و هەر ئەو مەداریس و دروسە شەرعیە دەست مایەی ئەم ڕابوونەیە. بەلاَم بەداخەوە ئەوەی مامۆستا داکۆکی لەسەر دەکرد

لەلایەن چەند کەسێکەوە کە نەزان بوون و ناوی زلەیان لێ نرابوو، گرنگیان بەهەندێ شتی تر دەدا، نەیان دەزانی ئەنجامەکەی دەبێت بگەڕێنەوە سەر شەرع ناسیی و هەموو هەوڵەکان چڕکرێنەوە لە پێگەیاندنی ئەندامەکان و کادیران لە ژێر ڕۆشنایی شەرع و دیندا، چونکە دواکەوتنی ئەم ڕابونە پشکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی ئەندامانی ڕابوون لە ڕێنماییەکانی ئیسلام، بۆیە مامۆستا دەرکی بەو گرنگیە کردبوو، هەر بۆیە شان بەشانی مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی خوای گەورە دەرەجەیان بەرز بکات چاودێری گرنگی زۆریان بە مامۆستایان و قوتابیانی مەداریسی شەرعی دەدا لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیی و لەدەرەوەی بزووتنەوەی ئیسلامیی.

وە مامۆستا زۆربەی کاتەکانی بە خوێندنەوەو موتاڵەعەکردن بەسەر دەبردو ئەمجا خولیای گەورەی نووسین بوو، کاتێك بێ تاقەت دەبووین و ئاڵۆزی ڕووی دەکردە کارەکانمان، سەردانێکی ئەم پیاوە شەرع ناسەمان دەکرد، تا سەلاَی دڵمان دەهات لە ژێر ڕۆشنایی ئایەت و فەمووددەدا، ئاڵۆزییەکانی بۆمان شی دەکردەوە و ون بووی خۆمان

دەست دەکەوت . وە مامۆستا لە نووسینەوەی تەفسیرەکەی زۆر ماندووبوو، گەلێك بەسەریدا دەچووەو موراجەعەی دەکردەوە، بۆی زیاد و کەم دەکرد، لەناخۆشترین کاتی بزووتنەوە کە هەریەك لە ئاوازی خۆی دەیخوێندو دەی ڕێسا، مامۆستا هەرکات سەردانیمان دەکرد ئەو لەکاتی پشووی خۆی خەریك بوو بەنووسینەوەی تەفسیرەکەی کە ئەمە بەڵگەبوو لەسەر ئەوەی کە مامۆستا سەنگەری زانست و شەرعی فەرامۆش نەدەکرد و سووربوو لەسەر ئەوەی کە پەیامەکەی بەخەڵکی بگەیەنێت. وەیەکێك لەتایبەتمەندیەکانی مامۆستا مەلا ئەحمەد خوای گەوورە دەرەجەی بەرز بکات ئەوەبوو کە لەلای ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامیی خۆشەویست بوو، بۆیە ئەمەش مژدەیەکی گەورەیە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: گەر بەندە لای خوای گەورە خۆشەویست بێت، ئەوا خوای گەورە بانگ لەجبریل (علیه السلام) دەکات کە من فلاّن بەندەم خۆشەوێت تۆش خۆشت بوێت و بانگ لە ئەهلی ئاسمان بکە کە خۆشیان بووێت وە قەبووڵی بۆ دادەبەزێتە سەر ئەرزو خەڵکی قەبوڵیانە . مامۆستا مەلا ئەحمەد خوای گەورە دەرەجەی بەرزبکات بەلاشە مردووە، لەبەرچاومان نەماوە، بەلاّم زانست و پەیامەکانی و تەفسیرە بەڕێزەکەی هەر زیندووە لەناوماندا، کارو خێری هەر بۆ دەچێت و پلەی بەرز دەبێتەوە کە ئەمە ئامانجی هەرە گەورەی موسڵمانەو مامۆستاش بەشێکی باشی بچڕیوە لە فەزڵ و ڕەحمەتی خوای گەورە، خوای گەورە لە گوناهی ئێمەو ئەویش خۆش بێت و لە بەهەشتی بەرین کۆمان بکاتەوە.



جەنابی مامۆستا و رابەری مەزن